# خوێندنەوەیەک بۆ وانەی تایبەت بە کچان لە پرۆسەی پەروەردە و خوێندندا



گوڵان: کۆمەڵایەتی

**ژمارەیەك لە شارەزایان و پسپۆڕانی پەروەردەیی و دەروونی پێشنیار دەکەن ئەگەر قوتابخانەکان تێکەڵیش بن و هەردوو رەگەز لەخۆ بگرێ، بەڵام وانەی تایبەت بەکچان لە پرۆسەی خوێندندا دابنرێت، بەتایبەتی لە قۆناغی پێش باڵغبوون کە کچان لە رووی تەندرووستی و دەروونییەوە پێویستی زیاتریان بەو وانە تایبەتییە دەبێت، بۆ ئەوەی بە گۆڕانکارییە بایۆلۆژییەکانی خۆیان ئاشنا بن و بە شێوەیەکی زانستی مامەڵەی لەگەڵ بکەن. بەشداربووانی ئەم راپۆرتە راو سەرنجی خۆیان لەو بارەیەوە بۆ گوڵان دەخەنەڕوو.**



پزیشکێك:

**کچ لەو قۆناغەدا هەست بە ترس و دڵەڕاوکێ دەکات، بۆیە پەنا بۆ هاوڕێکانی دەبات و پرسیار لەوان دەکات، ئەوانیش لەوانەیە زانیاری دروستیان لانەبێت، بۆیە کردنەوەی وانەی تایبەت بۆ کچان لە سیستمی پەروەردە و خوێندندا سوودی زۆری بۆ کچان دەبێت**

## ژینگەی پەروەردەیی کچان

کچانی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی کوردی لەوانەیە لە رووی دەستەبەری ماف و پێگەی کۆمەڵایەتییان جیاوازی زۆریان لەگەڵ کچانی پێش خۆیان و دەیەکانی رابردوو نەبێت، بەڵام ژینگەی پەروەردەییان گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هاتووە، هەروەها ئاستی خوێندەواری کچان پتر گەشەی کردووە و بە رێژەیەکی زیاتریــش هەوڵدەدەن ببنە خاوەن داهاتی خۆیان و شێوازی تێکەڵبوونیشیان بە جومگەکانی کۆمەڵگــە لە گەشــەکردندایە و هــاوکات دەخوازن لە ناوەندەکانی بڕیاری سیاسیشدا جێ پەنجەیان دیار بێت، ئەو رەهەندانەش پێویستیی بە ئامادەکاری و ژینگەیەکی پەروەردەیی تەندروســت هەیە، بەڵام تێکەڵکردنی کچان و کوڕان لە قۆناغــە جیاوازەکانی خوێندن زۆرجار رای دژبــەر و بۆچوونــی جیاوازی لەسەر بــووە، بزاڤە کۆمەڵایەتییــەکان و فەتــوا ئایینییەکانیش کاریگەری خۆیان لەســەر داناوەو لە کەلتوور و نەریتی کومەڵگەدا کاردانەوەی هەبووە. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا لە ئێستادا هەم قوتابخانەکانی جیاوازی کچان و کوڕانمان هەیە، هەم قوتابخانەکانی تێکەڵ کە هەر دوو رەگەز لە خۆ دەگرێت، بەڵام پسپۆڕانی پەروەردەیی پێشنیار دەکەن وانەی تایبەت بەکچان لە پرۆســەی خوێندندا دابنرێت، بەتایبەتی لە قۆناغی پێش باڵغبوون کە کچان لە رووی تەندروستی و دەروونییەوە پێویستی زیاتریان بەو وانە تایبەتییە دەبێت، بۆ ئەوەی بە گۆڕانکارییە بایۆلۆژییەکانی خۆیان ئاشنا بن و بە شێوەیەکی زانستی مامەڵەی لەگەڵ بکەن.

## رای پسپۆری پەروەردەیی

پسپۆری پەروەردەیی نەریمان ئەحمەد رایوایە «هەر جۆرە جیاکارییەکی رەگەزی لەم ســەردەمەدا ناچێتە خانەی عەقڵانییــەوە، بەڵام دەکــرێ بایەخ بــە تایبەتمەندییە بایۆلۆژییەکانــی هەردوو رەگەز بدرێت و لە سیســتمی پــەروەردەدا وانەی تایبەتیان بۆ دابنێن، پەیڕەوکردنی هەر شــێوازێکی نوێی پەروەردەش پێویستی بە زەمینەسازی و فەراهەمکردنی پێداویســتی و کەشێکی پەروەردەیی و کادیــری کارامە هەیە». هــاوکات دەڵێت: «چۆن پیاو ناتوانێت ببێت بە دایك، ئافرەتیش ئەوها توانای بە باوك بوونی نییــە، واتە هەرکامیان تایبەتمەندی خۆیان هەیە و دەبێــت لە بناغەی راهێنانیانەوە ئــەو تایبەتمەندییانە لەبەرچــاو بگیردرێ. بۆ نموونە کچــان ئەگەر ببن بە ســەرۆکی حزب و حکومەتی وڵاتێکیش نابێت ئەوەیان لەبیر بچێت کە تووشی زاوزێ دەبن و دەبێت بۆ دایکایەتی ئەزموونــی تەواویان هەبێت»، هێمای بۆ ئەوەش کرد کە لە وڵاتە پێشــکەوتووەکانیش تایبەتمەندییە رەگەزییەکان لەبەر چاو گیراون، بەڵام نەك وەك هەندێك لە پیاوانی ئایینــی خۆمان کە لە هەمــوو قۆناغەکانی خوێنــدن تێکەڵبوونی کچ و کوڕ بە حەرام و رێپێنەدراو دەزانن، ئەوە هەڵەیەکی گەورەیە و لە بری ئەوەی نەوەیەکی کارامە و لێهاتووی لێبکەوێتەوە، نەوەیەکی نەخۆش و گرژ و ئاڵۆز و توندوتیژی لێدەکەوێتەوە، بەڵام زۆر ئاســاییە کچان لە پرۆسەی خوێندندا وانەیەکی تایبەت بــە خۆیــان هەبێت».

بەڵام پەیمان عزەدین ئەندامی لیژنەی پەروەردە لە خولی



پێشووی پەرلەمانی کوردستان، برەودان بە پەروەردەی مەدەنی و بوونی وانەی تایبەت بە هەردوو رەگەز بە پێویست دەزانێت، هاوکات دەڵێت: «کچان و کوڕان راستە هەردوولایان تایبەتمەندیی بایەلۆژیی خۆیانیان هەیە، بەڵام ئەمرۆکە راگەیاندن پەردەی لەسەر هەموو ئەو بابەتە زانستییە بایەلۆژییانە هەڵماڵیوە و خەڵك بەتایبەت کچان هۆشیار و ئاشنان بە تایبەتمەندییەکانی خۆیان، سەبارەت بە پەروەردەکردنی کچانیش پێش قوتابخانە پێویستە دایکان و باوکان ئەو ئەرکە لەئەستۆ بگرن، هەروەها لەهەموو قوتابخانەکان توێژەری کۆمەڵایەتی هەیە و ئەرکی ئەوانە رێنمایی بە قوتابییە کچەکان بدەن».

## رای کۆمەڵناس و دەروونناسان

لە لای خۆیەوە کۆمەڵناس ئالان لەشکری کە توێژەری کۆمەڵایەتییە لە قوتابخانەی فاخر مێرگەسووری، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «یەکێك لەو گرفتانەی بەر لە پێشکەشکردنی وانەی تایبەت بە قوتابیانی کچ روودەدات، ئەوەیە کە کوڕان و کچان دەبێت لە یەکتر جیا بکرێنەوە، ئەمەش مشتومڕی زۆری لێدەکەوێتەوە»، گوتیشی: «دانانی وانەی تایبەت بە کچان لە سیستمی پەروەردە و خوێندن لە لایەك بەسوودی کچانە کە بە تایبەتمەندییەکانی خۆیان لە هەموو روویەکەوە ئاشنا دەبن، لەلایەکی دیکەوە دژە بۆچوونێك هەیە کە دەڵێن جیهان لەیەك رەگەز پێکنەهاتووە، هەتا لە پەروەردەکردنیان جیاوازی بکرێ، پێداگری لەسەر ئەوەش دەکەن کە ئەوەی پێویستە کچ بیزانێت، کوڕیش پێویستە پێی ئاشنا بێت، بەڵام ژینگەی قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان گونجاوە بۆ ئەوەی پرۆگرامێکی پەروەردەیی جەستەیی و تەندروستی بۆ کچان هەبێت».

عەزیز رەئووف مامۆستای ئامادەییە و بوونی وانەی تایبەت بەکچان بە پێویست نازانێت و ئەو بابەتە بە پەروەردەی خێزانەوە گرێ دەدات، هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «تەنانەت لە پەروەردەی مۆدێرنیشدا سیستەمێکی لەمجۆرە بوونی نییە، بەشێوەیەکی گشتی چارەسەر لە خاڵێکی گرنگدا دەبینمەوە، ئەویش شەرمنەکردنە لە سروشتی مرۆڤەکان، بۆ نموونە لە وانەیەکی پۆلی سێی ناوەندی کە باس لە رەگەزی نێرینە و مێینە و ئەندامەکانی دەکات، مامۆستا هەیە دەگاتە سەر ئەو بابەتە، بابەتەکە شەرح ناکات و بە قوتابییەکانی دەڵێت: ئەو وانەیە لە ماڵەوە بخوێنن، ئەوەش کارەساتە و پێویستە ئەو بابەتانە لەناو سیستەمی پەروەردەدا باس بکرێت، لەوانە نەخۆشییە جەستەییەکانی کچان و ئافرەتان کرداری زاوزێ و. هتد، بەڵام لەکۆمەڵگەی ئێمەدا بەهۆی ئایین و کەلتوور و نەریت، کۆسپ لەبەردەم زۆربەی پرۆسەکانی ژیان دروستبووە، پێویستە لەبری جیاکردنەوە و پێدانی وانەی تایبەت، ئەو بەربەستانە بشکێنین و تەنانەت هەوڵبدرێت لە قوتابخانەکان وانەی رۆشنبیریی سێکسی فێری قوتابیان بە هەردوو رەگەزەوە بکرێت».

شوان خۆشناو مامۆستای زانکۆیە لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین، ئەویش وەك کەسایەتییەکی ئەکادیمی رایوایە «جیاکردنەوەی خوێندنی کچان و کوڕان خزمەت بە رەوتی پەروەردە و زانست ناکات، رەنگە لە هەندێ بواردا ئەو تایبەتمەندێتییانەی کچ کە پەیوەندی بە رەگەز هەبێت، پێویستی بە رێنمایی هەبێت، بەڵام ئەوە زیاتر ئەرکی خێزانە، من رێنوێنی و رێنماییە تەندروستییەکان بۆ هەردوو رەگەز لە یەك ئاستدا دەبینمەوە، ئێمە دەبێت کار لەسەر کەلتووری پێکەوەژیان و یەکسانی و سڕینەوەی هەندێ لەو دابونەریتانە بکەین کە لە بنچینەدا خۆمان خاوەنی نین و بە هۆی پرۆسەیەکی مێژوویی دوور و درێژەوە هاتووەتە نێو کۆمەڵگەکەمان»، ئەو مامۆستای زانکۆیە زیاتر گوتی: «دەکرێت لەرێگەی کردنەوەی خول و کۆڕ و سیمینارەوە بە هاوبەشی لەنێوان وەزارەتەکانی تەندروستی و رۆشنبیری و پەروەردە ئەو بابەتانە تاوتوێ بکرێت، بۆ ئەوەی وانەی پێویست بەکچان لە قوتابخانەکان بەشێوازێکی زانستییانە بگوترێتەوە».

## روانگەی کچان

نەرمین عەلی وەك گەنجێك باسی ئەوە دەکات «گەرچی تا رادەیەك چەمکی باوکسالاری لە کۆمەڵگەی ئێمەدا گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە، بەڵام تا ئێستاش خێزان هەیە بوار نادات کچ تەنانەت خوێندنیش تەواو بکات»، گوتیشی: «ژمارەی ئەو خێزانانە کەم نین کە ئەقڵییەتێکی کۆنی چەقبەستوویان هەیە و نەك کچی پێشەنگ و سەرکەوتوو پەروەردە ناکەن، بەڵکو هەنگاوەکانی سەرکەوتنیشی دەشکێنن، سیاسەتی پەروەردەی حکومەتیش لە رێگەی ناوەندە پەروەردەییەکانەوە، تا ئێستا نەیتوانیوە سیستمێکی پەروەردەیی تەندروست بۆ کچان ئامادەبکات، پێویستە پەروەردە وانەی تایبەت بە کچان بکاتەوە بۆ ئەوەی هەم بە گۆڕانکاری جەستەیی خۆیان و تواناکانیان بۆ تێکەڵبوون بە کۆمەڵگە ئاشنا بن، هەم لە بواری کابانی و دایکایەتی و پەروەردەی منداڵ بنەمایەکی زانستییان هەبێت».

پەروین حەسەن وەك میدیاکارێك لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئەگەر پەروەردەی ئافرەت هەر لە منداڵییەوە دەست پێبکات، چ کاریگەرییەك لەسەر پێکهاتەی دەروونی و کۆمەڵایەتی و دوارۆژی دادەنێت؟ دەڵێت: «منداڵی کچ ئەگەر لە قۆناغی ساوایی و هەروەها سەرەتای ژیانییەوە بایەخی پێبدرێت، بێگومان دەبێتە کەسێکی بەهێز و خودان بڕوایەکی پتەو. بەڵام لە پەروەردە هیچ جیاوازییەك لە

دەروونناسێك:

**لەکۆمەڵگەی ئێمەدا ئەو گۆڕانکارییانە بۆ کچان دەبێتە مایەی شڵەژان، چونکە هیچ ئامادەکارییەکی پێشوەختەی لە رووی دەروونییەوە لەلایەن خێزان و قوتابخانەوە بۆ نەکراوە**

مامۆستایەك:

**هەموو ئەو شتانەی کوڕێکی هەرزەکار لە رووی فسیۆلۆژی و سایکۆلۆژی و گەشەکردنە جەستەییەکان دەبێت بیزانێت، بەهەمان شێوەش کچێك دەبێت بیخوێنێت و بیزانێت. واتە پێویستە دەرفەتێکی یەکسان بۆ رۆشنبیری سێکسی و گەشەکردنی دەروونی و فسیۆلۆژی بۆ هەردوو رەگەز بخوڵقێندرێت**

کچێکی گەنج:
**پێویستە پەروەردە وانەی تایبەت بە کچان بکاتەوە بۆ ئەوەی هەم بە گۆڕانکاری جەستەیی خۆیان و تواناکانیان بۆ تێکەڵبوون بە کۆمەڵگە ئاشنا بن، هەم لە بواری کابانی و دایکایەتی و پەروەردەی منداڵ بنەمایەکی زانستییان هەبێت**

وتەبێژی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان:
**لە قوتابخانەکان توێژەری کۆمەڵایەتی هەیە بۆ هوشیارکردنەوەی قوتابیان لە هەر جۆرە پرس و بابەتێك و لە ئایندەش زێدەتر گرنگی پێدەدرێت**

نێوان منداڵی کوڕ و کچ نییە، بۆیە دەکرێت منداڵی کچ هەر لە سەرەتای تەمەنییەوە وەکو بوونەوەرێکی سەرەکی و وەبەرهێن و بڕیاردەر سەیر بکرێت، نابێت هەمیشە وەکو کەسێکی سەرکوتکراو مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. بەڵکو دەبێت لە وەرزش و هونەر و بواری رۆشنبیری و سیاسیشدا بەشدار بێت. بەڵام ئێستە پیاو هەوڵدەدات دایك و ژن و کچەکانی خۆیان لە بچووکترین بڕیاری نێو ماڵەکانیشیان بەشداری نەکەن. ئەم حاڵەتەش وادەکات ئافرەت لە رووی کەسایەتی لە پرۆسەی کۆمەڵایەتیدا لاواز و دابڕێنراو بێت». گوتیشی: «هەموو ئەو شتانەی کوڕێکی هەرزەکار لە رووی فسیۆلۆژی و سایکۆلۆژی و گەشەکردنە جەستەییەکان دەبێت بیزانێت، بەهەمان شێوەش کچێك دەبێت بیخوێنێت و بیزانێت. واتە پێویستە دەرفەتێکی یەکسان بۆ رۆشنبیری گەشەکردنی دەروونی و فسیۆلۆژی بۆ هەردوو رەگەز بخولقێندرێت».

لەگەڵ سەرهەڵدانی گۆڕانکارییەکانی جەستەی کچان لەتەمەنی نەوجەوانی و گەنجیدا، خەون و ئاواتەکانیشی گۆڕانکاری بەسەردا دێت، بەڵام زۆرجار بە هۆکاری جیاوازی نەریتی و ئایینی لە بری ئەوەی گرینگی بەو تایبەتمەندییانەی کچ بدرێ، لە ناو خێزان فشاری زۆری دەخرێتە سەر و کەسایەتی دەڕووخێندرێت، بەهەمان شێوە لەبری رێنمایی کردن بەهۆی تانەلێدان تواناکانی لەباردەبرێت، بۆیە زۆرجار کچ ناچاردەبێت پەنا بۆ خۆشەویستی، یان هاوسەرگیرییەکی ناوەخت و نەگونجاو ببات. ئەوەش زیاتر ژیانی داهاتووی دەخاتە مەترسییەوە. لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە کە چۆن بە پەروەردەیەکی زانستی و تایبەتمەند بناغەی داهاتوویەکی گەش بۆ کچان دادەنرێ؟

### رۆشنبیری تەندروستیی کچان

د. ئیلهام عەزیز پسپۆڕی ئافرەتان و نەزۆکی، ئاماژە بەوە دەکات کە جەستەی کچان لەدوای تەمەنی نۆساڵی ئامادەی گۆڕانکارییەکان دەبێت، مێشك بەر لە بەشەکانی دیکەی جەستە دەست بە ئیفرازکردنی هۆڕمۆن دەکات، پێش پەیدابوونی سووڕی مانگانە کە لەتەمەنی ١٢_ ١٣ ساڵی پەیدا دەبێت، چەند نیشانەیەك بەدیاردەکەون، لەوانە باریکبوونی دەنگ، دەرهاتنی موو لەبن هەنگڵ و ناو رانەکان، دروستبوونی مەمك، دوای ئەوانە سووڕی مانگانە دێت، لەسەرەتادا بەهۆی باش دروستنەبوونی هێلکەدان سووڕی مانگانە بەشێوەیەکی نارێك و پچڕ پچڕ روودەدات، دواتر بە تێپەڕبوونی کات، مانگانە بەشێوەیەکی رێك ئەو سووڕە بەردەوام دەبێت، کچ لە ١٣ تاوەکو ١٨ ساڵی گۆڕانکاری بەسەر تەواوی جەستەیدا دێت، لەوانە مێشك و باری دەروونی، چونکە کچ لەو تەمەنەدا عیناد و کەللەڕەق و تووڕەیە، تەنانەت توانای کۆنترۆڵکردنی هەڵسوکەوتەکانی خۆی نییە، لەو ماوەیەدا کەسایەتی دروست دەبێت و دەروونی جێگیر دەبێت، بەڵام ئەگەر هاتو دایك و مامۆستا بەو ئەرکە هەڵنەستان و بەر لەم قۆناغە کچەکەیان هۆشیار نەکردەوە، کچ بەو قۆناغە نامۆ دەبێت، بۆیە دوور نییە تووشی نەخۆشی جەستەیی بێت، بەتایبەتی بەهۆی رانەگرتنی پاکوخاوێنی لە کاتی سوڕی مانگانە، یان تووشی خەمۆکی دەبێت و لەداهاتووشدا کاریگەری لەسەر کەسایەتی دروست دەکات، چونکە کچ لەو قۆناغەدا هەست بە ترس و دڵەڕاوکێ دەکات، بۆیە پەنا بۆ هاوڕێکانی دەبات و پرسیار لەوان دەکات، ئەوانیش لەوانەیە زانیاری دروستیان لانەبێت، لەبەر ئەوە کردنەوەی وانەی تایبەت بۆ کچان لە سیستمی پەروەردە و خوێندندا سوودی زۆری بۆ کچان دەبێت».

سامان سیوەیلی سەرۆکی سەنتەری خێزان، وەك دەروونناسێك سەرەتا هێما بۆ ئەوە دەکات کە مامەڵەی دەوروبەر لەبارەی گۆڕانکارییە جەستەییەکانی کچانی نەوجەوان لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە جیاوازە، جەختیش لەوە دەکاتەوە کە «لەکۆمەڵگەی ئێمەدا ئەو گۆڕانکارییانە بۆ کچان دەبێتە مایەی شڵەژان، چونکە هیچ ئامادەکارییەکی پێشوەختەی لە رووی دەروونییەوە لەلایەن خێزان و قوتابخانەوە بۆ نەکراوە»، سیوەیلی ئەوەشی خستەڕوو کە گەورەترین رووداوی فسیۆلۆژی کەوتنە سووڕی مانگانەیە کە لە سەرەتای باڵغبوونەوە دەست پێدەکات، ئەوەش لای کچ دەبێتە شۆکێکی دەروونی و ناتوانێ مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ حاڵەتەکەدا بکات، کچان لەم تەمەنەدا شەرم دەکەن بێنە ناو خەڵك، چونکە ئەندامانی خێزان هەمیشە داوای لێدەکەن خۆی داپۆشێت، تێبینیمان کردووە، جۆرێك لەکچان لەبەرئەوەی لەسەرەتای قۆناغی هەرزەکاریدا ئەوەندە پێی گوتراوە سینگی دەرنەخات، ئەویش هەوڵیداوە سینگی بباتە ناوەوەو پشتی کۆم بووە، کاتێکیش دێتە دەرەوە بەهۆی چەپاندنی سێکسی کوڕانی وڵاتی ئێمە، کە هۆگری جەستەی کچن، ئەوە وایکردووە کچان رقیان لەکچ بوونی خۆیان بێت و ببنە مایەی بەدبەختی، نەك مایەی شانازی، جاری واهەبووە کچ بەهۆی جوانییەکەی کەسوکاری خۆشی دژایەتییان کردووە و رێگەی چوونە دەرەوە و خوێندنیان لێ گرتووە، کاتێك دەبینێت رەگەزەکەی بەرامبەری کە هاوتەمەنی خۆیەتی ئازادە لە پۆشینی جلوبەرگ، ئازادە لەچوونە دەرەوە و خوێندن، بەڵام ئەو بەهۆی کچ بوونییەوە لەهەموو ئەو شتانە بێبەشکراوە، باری دەروونی تێکدەچێت».

د. ئیلهام بۆ چارەسەری ئەو کێشانە بە پێویستی دەزانێت «مامۆستاکان کچانی قوتابی هۆشیار بکەنەوە، هەروەها هەوڵبدرێت خولی هۆشیاری بۆ دایکان بکرێتەوە، چونکە هەموو دایکەکان خوێندەوار و هۆشیار نین و نازانن چۆن



ڕێنمایی کچی خۆیان لە قۆناغی جیاوازی تەمەندا بکەن».

سامان سیوەیلی بۆ چارەسەری ئەو ئاریشانە پێشنیار دەکات، لەڕووی پڕۆگرامی خوێندنەوە لە قۆناغی بنەڕەتییەوە کچان ئاشنا بکەن بەو گۆڕانکارییانەی لە ڕێگەی هۆڕمۆنەوە ڕوودەدەن، هەروەها دەڵێت: «وانەیەکی تایبەت بە هۆشیارکردنەوەی کچان بوونی نییە، بەڵام پێویستە خێزانەکان و قوتابخانەکانیش بەتایبەتی لە تەمەنی هەرزەکاری ڕەفتاری شیاویان لەگەڵ کچان هەبێت و هەوڵی هوشیارکردنەوەیان بدەن، هەتا ئەو کەلتوورە هەبێت، مێینە بە ئافرەتانیشەوە ئەوانەی کە کچن و ئەوانەش کە چوونەتە ناو ژیانی هاوسەرییەوە ناتوانن تواناکانیان مومارەسە بکەن».

لە لای خۆیەوە فاتیح مەلازادە بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن و وتەبێژی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، لە ئاخافتنێکی تایبەتدا بۆ گوڵان جەختی لەوە کردەوە کە وانەی تایبەت بە کچان بابەتێکی هەستیارە و گوتی: «پێویستە بە حەزەرەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسە بکرێت، بۆ ئەوەی لایەنی ئەرێنی و باشمان لێی دەستبکەوێت، لە پێناو بەرزکردنەوە و گرنگیدان بە لایەنی هوشیاری کۆمەڵگە و وریا کردنەوەیان لەو قۆناغە هەستیارە، ئێمە وەك وەزارتی پەروەردە بە گرنگییەوە لەو بابەتەمان ڕوانیوە، هەر بۆیە لە قۆناغی نۆی بنەڕەتی بە وردی و هۆشیارانە باس لەو قۆناغە کراوە و لە قوتابخانەکانی چ کچان و چ کوڕان توێژەری کۆمەڵایەتی هەیە بۆ ئاگاداربوون و زیاتر هوشیارکردنەوەیان لە هەر جۆرە پرس و بابەتێك لەو بوارانەوە بێتە ئاراوە، بە دڵنیاییەوە لە ئایندە زێدەتر گرنگی پێدەدرێت».